Research Center

# ئەودیوی بودجە!

12-06-2023


**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی



**کورتە :** مشتومڕەکانی تایبەت بە بودجەی عێراق، بەدەر لە دیوە ئابوورییەکەی، نیشانەی قۆناخێکی نوێی سیاسییە کە لە ماوەی زیاتر لە 2 دەیەی رابردوودا کەم وێنە بووە. ئەوەی کە هەیە زۆر زیاترە لەو حەکایەتە محەلییەی کە لایەنە کوردییەکان وەك بەشێك لە رکابەرییە بەردەوامە نێوخۆییەکانی خۆیان دەیگێڕنەوە

## بەرایی

مشتومڕەکانی تایبەت بە بودجەی عێراق، بەدەر لە دیوە ئابوورییەکەی، نیشانەی قۆناخێکی نوێی سیاسییە کە لە ماوەی زیاتر لە 2 دەیەی رابردوودا کەم وێنە بووە. ئەوەی کە هەیە زۆر زیاترە لەو حەکایەتە مەحەلییەی کە لایەنە کوردییەکان وەك بەشێك لە رکابەرییە بەردەوامە نێوخۆییەکانی خۆیان دەیگێڕنەوە. بابەتەکە تەنیا گۆڕینی هاوپەیمانییەکان یان کارکردنیان نییە بۆ قازانجی لایەنێکی کوردی لە دژی ئەوی دیکە، بەڵکو بەشێکە لە قۆناخێکی سیاسی گەورەتر لە هەموو ناوچەکە کە ئەگەر کورد خۆی گلێر نەکاتەوە، ئەمڕۆ بێ یان سبەی زیانی زۆرتری لێ دەکات. خودی بودجەکە پڕە لەو بابەتانەی کە مشتومڕی زۆریان لەسەرە. بایەخدانی زۆر بە ئاسایش لە جیاتی خزمەتگوزاری و کەرتەکانی دیکە، هەروەها جیاکاری لە نێوان پێکهاتەکان بەشێکن لەو رەخنانەی کە لێی دەگیرێن، بەڵام لەوە زیاتر، دیوە سیاسییەکەی ئەوەندە پڕبایەخە کە توانیویەتی، هەردوو رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت و بودجە، هەروەها رێککەوتنەکەی نێوان سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەیشی بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەوانەیە ئەنجامی سروشتی ئەم بودجەیە کە پێدەچێ، کورد لە ناچاری و لەبەر رکابەریی ناوخۆیی یەکتر پێی رازی بووبێت، پاشهاتی دیکەی هەبێت کە پڕبێت لە گرفت و ململانێ.

## یاسای بودجە و پێگەی هەرێمی کوردستان

پێناچێت بودجە زەبەلاحەکەی عێراق کە سەرووی 199 تریلیۆن دینار، واتا زیاتر لە 152 ملیار دۆلارە دواجار خزمەتێکی زۆر بە گەشە پێدانی هەموو عێراق بکات. پارە دەتوانێت دەوڵەمەندی دروست بکات بەڵام بە تەنیا ناتوانێت وڵاتێك گەشەپێبدات. بۆنموونە بەگشتی نزیکەی 29تریلیۆن دینار بۆ دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق دانراوە لە کاتێکدا کە 5 وەزارەتی گرنگی وەك تەندروستی و ژینگە، کاروکاروبای کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خوێندنی باڵا و سەرچاوەکانی ئاو، هەمووی پێکەوە 31.036.467.270 دیناری بۆ تەرخان کراوە.

گفتوگۆکانی بودجە دوو رێککەوتنی گرنگیشان خستە ژێر پرسیارەوە: یەکیان ئەو رێککەوتنەی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت بوو کە دەرچەیەکی ناونجی بوو بۆ ئەو دۆخەی کە دوای راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرابوو. ئەوی دیکەشیان رێککەوتنەکەی نێوان سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی بوو لەسەر پرسە نێوخۆییەکان.

بەپێی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا کە هەردوو سەرۆکوەزیرانەکەیان واژۆیان کردبوو، 400 هەزار بەرمیل نەوت لەرێی کۆمپانیای سۆمۆوە دەفرۆشرێت و پارەکەش لە بانکێك دادەنرا کە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی خەرجکردنی هەبێت. بەغدا هەر لە سەرەتاوە زیاتر حەزی لێبوو ئەو هەژمارە لە بانکی ناوەندی بێت بەڵام پەرلەمان ئەوەی کردە بڕیار و گۆڕانکارییەکەی ماددەی 14ی بودجە، ئەو رێککەوتنەی بۆ هەرێمی کوردستان ئاڵۆزتر کرد. جارێ ئەو پارەیە لە هەژمارێکی بانکی دەبێت کە وەزارەتی دارایی دەیکاتەوە. هەروەها لە بانکی ناوەندی یان بانکێکی متمانەپێکراوی ئەو بانکەش دەبێت. بۆیە بەشێوەی ئاسایی، ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەتوانن گومان لە چارەنووسی ئەو هەژمارە بانکییە دابنێن کە بەر لە هەرێمی کوردستان بە وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندییەوە بەستراوەتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کە بابەتی نەوت و دەروازە سنوورییەکان و داهاتی نێوخۆ بەشە سەرەکییەکەیەتی، بە پەرلەمانێك سپێردراوە کە زۆرینەی ئیتارییە. ئەوەش لە کاتێکدا کە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی جێبەجێکردن بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دواتریش پەیوەندی بە دادگاوە هەیە.

بە گشتی دەتوانین بڵێین کە گۆڕانکاری لە ماددەکانی پرۆژە یاساکە بە تایبەت ماددەی 14، چەندەی زیانی بە پێگەی هەرێمی کوردستان گەیاندبێت، لەوانەیە گورزێکیش بێت لە پێگەی سوودانی کە دەشێ لەرێگەی رکابەرییەکی نێوخۆیی شیعییەوە رووبکرێتەوە. پێدەچێ شیعەکان ئەزموونیان لە مستەفا کازمی وەرگرتبێت و خوازیاری ئەوە نەبن کە سوودانی بە کەڵکوەرگرتن لە پاڵپشتیی هەرێمی کوردستان بتوانێت هەندێکجار سەربەخۆ بجوڵێتەوە.

لەڕاستیدا برگەی هەشتەمی مادەی 14، رۆڵێکی کردەیشی داوەتە سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت بە کاروباری بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان. ئەویش لەرێی بابەتەکانی خەرجکردنی موچە یان پارەدارکردنی راستەوخۆی هەر پارێزگایەکی ناڕازی لە هەرێمی کوردستان. هەڵبەت بەدەر لەم بڕیارەی پەیوەست بە بودجە، بەغدا سەبارەت بە پرسەکانی ئاسایش و رێککەوتن لە ئێران سەبارەت بە سنوور، پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ کاربەدەستان لە سلێمانی هەیە و ئەوەی بودجە تەنیا رەهەندە رەسمییە ئابوورییەکەیەتی.

لایەنە کوردییەکان لەسەر ئەو برگەیە بوونەتە دوو بەش. بەشێکیان بە هەوڵێك بۆ لەتکردنی هەرێمی کوردستان و بەشێکی دیکەش بە گەرەنتییەك بۆ دادپەوەری و دیموکراسی تەماشای دەکەن. بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە ئەمە دوای رێککەوتنێکی نێوان

سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی هات کە نزیکەی 7 مانگ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی بایکۆت کردبوو. ئەمەش یان واتای ئەوەیە کە بنەمای ڕێککەوتنەکە لاواز بووە و کێشەی متمانە لە نێوان پارتی و یەکێتی هێشتا بەهێزە یان واتای ئەوەیە کە سەرکردەکانی یەکێتی سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە جیاواز بیردەکەنەوە.

بەدەر لە هەموو ئەوانە، بودجە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشی وەك هێزێکی پیادە- وشکانیی داناوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا دەسکەوتنی چەك و تەقەمەنیی پێشکەوتووی بۆ ئەستەم بێت وەك ئەو ئاستەنگانەی کە ساڵانی ڕابردوو، بیرۆکراسی سەربازی بۆ پێدانی درۆنی ئەمریکی بە هێزەکانی پێشمەرگە دروستیکردبوو.

## زیاتر لە بودجە

دەتوانین بڵێین کە بودجە سێ دەئەرنجامی بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو. یەکەمیان ئەوەبوو کە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانی زیاترکرد، ئەمەش واتای بێ منەتبوونی زیاتری لایەنە سەرەکییەکان لە یەکتری دێت ئەگەر گۆڕانکارییەك ڕوونەدات. دووەمیان ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی کردەیی داوەتە سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ پرسەکانی بەڕێوەبردن لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان( دەکرێ وا بخوێندرێتەوە کە کەی بە گونجاوی بزانێت، دەتوانێت بە ڕەسمی وەك دوو ئیدارە مامەڵەی لەگەڵ بکات) ودەسەڵاتێکیشی داوەتە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کە زۆرینەی ئیتاری و پرۆ-ئێرانییە، بۆیە مەیدانی مانۆڕی سیاسی هەرێمی کوردستانی بەرتەسکتر کردووە.

سەرەکردەکانی کورد بەشێك لە لایەنە شیعییەکانیان بە پابەند نەبوون بە ڕێککەوتنەکان تۆمەتبار دەکەن و لەوانەیە ئەو بێ منەتییەی کە گرووپەکانی ئیتار لە گفتوگۆکانی بودجەدا سەبارەت بەهەرێمی کوردستان پیشانیاندا، پەیوەندی بەو کەشوهەوا سیاسییە گشتییەوە هەبێت کە ئێستا لە ناوچەکە بە قازانجی ئێران، بەشارئەسەد و گرووپە شیعییەکانی عێراق هەڵیکردووە. کۆمکاری عەرەبی سووریای بەشار ئەسەدی وەرگرتەوە. وڵاتانی کەنداویش سەرەڕای نزیبکوونەوە لە ئیسرائیل هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ تاران دەدەن و ئەمەش دواجار ڕێگای بۆ بەهێزبوونی زیاتری پێگەی شیعەکانی چوارچێوەی  هاوئاهەنگی خۆشکردووە تا بە پاڵپشتی ناوخۆیی کوردی و بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی گشتی سیاسی لە ناوچەکە گوشارەکانیان لەسەر هەولێر زیاتر بکەن.

هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان بیرنەچێت کە بەهێزبوونەوەی ڕۆڵی ئێران، ئەسەد و گرووپە شیعییەکانی عێراق و لەوانەیە تاڕادەیەکیش حیزبوڵڵای لوبنان، تەنیا دیوێکی ڕووداوەکانی ناوچەکەیە. تورکیا تازە لە هەڵبژاردن هاتۆتە دەر کە پێدەچێت بە هاتنی هاکان فیدان سەرۆکی میت بۆ وەزارەتی دەرەوە، سیاسەتێکی دەرەوەی کاریگەرتری هەبێت. هەڵوێستی ئەمریکا و ئیسرائیلیش سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی و موشەکیی ئێران فاکتەری دیکەیە کە دەتوانێت لە داهاتوودا کاریگەریی هەبێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باکوورەوە کێشەی لەگەڵ تالیبان و ئازەربایجان هەیە و دەزانێت گوشاری لەڕادەبەر دەتوانێت پرسی کوردی لێ ئاڵۆز بکات. لە تەنیشت ئەوانەشدا پۆتانسیێلی پرسە نێوخۆییەکانی ئێران و بابەتی گرفت و ململانێ ناوخۆییەکانی شیعەش لە عێراق، بە تایبەت کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەڕێوەیە، لە دیاریکردنی ئاراستەی ڕووداوەکاندا بێ کاریگەر نابن.

## ئەنجام

لەودیوی مشتومڕکانی پەیوەست بە بودجەوە بابەتێکی گرنگ هەیە کە لە دیمەنێکی گشتیدا، پەیوەندیدارە بە مژووڵکردنی کورد بە پرسە ناوخۆییەکان و سنووداركردنی جموجوڵەکانی لە ناوچەکە. بۆ ئەوەی کە دیمەنێکی گشتگیرمان دەستکەوێت، باشتروایە کە باسەکانی تایبەت بە بودجە، بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی، گوشارەکانی سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی سنوور، داهاتووی ڕۆژئاوای کوردستان لە پاش گەڕانەوەی سووریای بەشار ئەسەد بۆ کۆمکاری عەرەبی لە یەك تابلۆدا سەیر بکەین. گوشارەکان ئەنجامی گۆڕانکارییەکی سیاسین لە ناوچەکەدا کە مەرج نییە بە جێگیری بمێنێتەوە.

مەیدانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە خز و لەرزۆکە و ئەم دۆخە گوزارشت لە ناهاوسەنگییەکی هێز دەکات لە ئاستی ناوچەکە و ناوخۆی عێراقیش. بۆیە بە ئەگەری زۆر ئەمە وەك خۆی نامێنێتەوە و دەبێ چاوەڕێ بین بزانین کە هەنگاوەکانی دواتری تورکیا، ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕووداوە نێوخۆییەکانی عێراق چۆن کاریگەری لەسەر ئەو دۆخە دادەنێن.